# رۆژی گەل
Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

**ژمارە (٢٠٧) یەکشەممە ٢٧-٤-٢٠٠٨**


## ئەردۆگان ناوبژیوانی سوریا- ئیسرائیل دەکا

**ئەردۆگان** لە دیداری خۆیدا لەگەڵ **بەشار ئەسەد** جەختی کردۆتەوە کە ئیسرائیل بەمەرجی ئاشتبوونەوەو ئامادەیە لە بەرزاییەکانی جۆلان بکشێتەوە.

ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا باوەڕی بەخۆی هەیەو پێیوایە کە دەتوانێ سوریا و ئیسرائیل لەسەر مێزی دانوستاندن دابنیشێنێ و ئاشتیان بکاتەوە. واشپێدەچێ کە ئەمریکاو ئیسرائیل ئەردۆگانیان بۆ ئەو کارە راسپاردبێ.



**ل٣** دانانی رایمۆند تورکیا نیگەران دەکات



**ل٥** کامیان تاوانبار تر بوو، فەرحان یان تەها؟!



**ل٦** تورکیا بە مۆسیقاو بە گۆرانی دەست بەسەر نەتەوەی کورد دادەگرێ



**ل٧** دووبارەکردنەوەی هەڵەکان کۆمەڵگەیەکی نەخۆش پیشان دەدات

# رێکنەکەوتن لەسەر وەزارەتەکان کێشەی لاوەکی لێدەکەوێتەوە

بەگوێرەی زانیاریەکان هێشتا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی رێکنەکەوتوون، ئەمەش وایکردووە کە لەهەندی شوێنی دیکەدا کێشەی لاوەکی لێبکەوێتەوەو گرژی و ئاڵۆزی لێ بەدیار بکەوێ.

دوێنی شەممە ٢٦-٤-٢٠٠٨ یەکێتی خوێندکارانی کوردستان کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە رایگەیاند کە لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی ناو شاری هەولێر هەڕەشە لە کادیرانیان کراوەو رێگەیان پێنەدراوە کە بە ئازادانە ساڵیادی دامەزراندنی رێکخراوەکەیان بکەنەوە، هەروەها یەکێتی خوێندکاران بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە زیاتر لە ١٥٠ لافیتەیان کەبەو بۆنەیەوە هەڵواسرابوون، لێکراونەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو لایەن واتە یەکێتی و پارتی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە هەندێ شوێن، بەتایبەتیش ئەو شوێنانەی کە پێشتر لایەنێک تێیدا باڵادەست بووە، گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم ئەندام و لایەنگرانی لایەنی بەرانبەر دروست دەکرێ.

جێگەی ئاماژەیە ئەگەرچی بۆ راگەیاندنەکان باسی تێکەڵکردنەوەو یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتەکە کراوە، بەڵام لە کردەوەدا لەکابینەی داهاتووشدا وەکو دوو وەزارەتی جیاواز دەمیننەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو رێککەوتنە ستراتیژیەیە کە هەردوولایەن بانگەشەی بۆ دەکەن.

## ئەمریکا لە رۆڵی ئیران هەراسان دەبێ



رۆژی هەینی ٢٥-٤-٢٠٠٨، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا راشکاونە نیگەرانی خۆی لەمەڕ مەزنبوونی رۆڵی کۆماری ئیسلامی ئیران لە عێراق و ناوچەکەدا دەربڕی، بە هاوکاری و پشتیوانیکردن لەو گروپە توندڕۆیانە تۆمەتباری کرد کە لە عێراقدا شەڕی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن.

**مایکل مۆلین** سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئەمریکا رایگەیاند وێڕای ئەوەی کە ئێران بەڵێنی بە عێراق داوە هاوکاری لەگەڵ گروپە چەکدارەکاندا نەکات، بەڵام سوپای ئەمریکا بەڵگەی لەبەردەست دایە کە ئێران چەکی نوێی پێشکەش بە گروپە چەکدارەکان کردووە.

لەلایەکی دیکەوە مایکل نیگەرانی خۆی نەشاردەوەو رایگەیاند کە ئەوان لەو رۆڵە نیگەرانن کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە دەیگێری، هەم هاوکاری حزبوڵڵای لبنان دەکات، هەمیش پشتیوانی لە رێکخراوی حەماس دەکات.

مۆلین دووپاتی کردەوە کە جارێ ئەمریکا جەخت لەسەر هەوڵە دیبلۆماسی و ئابووریەکان دەکاتەوە و هانی ئێران دەدات کە چالاکیەکانی خۆی لە عێراق بگۆرێ، ئەگەرنا بژاردەی سەربازی هەیەو لەوانەیە چاوی پێدا بخشێنینەوە.

لێدوانەکانی مایکل مۆلین یەکێکە لە هۆشیارکردنەوەکان کە ئێستا ئەمریکا لەبەرانبەر ئێران تاقی دەکاتەوە، بەڵام پێیانوایە کاریگەری لەسەر ئێران نابێ.

## ئەمریکا چەکی قەدەغەکراو دژ بە سوپای مەهدی بەکار دەهێنێ

**لیقا ئالیاسین** ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق رایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی سوپای مەهیدا چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیان بەکار هێناوە.

ئالیاسین ئەندامی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق بە ئاژانسی دەنگەکانی عێراقی راگەیاندووە کە هێزەکانی ئەمریکا لە دوایین هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر مەدینە سەدری شاری بەغداد چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیان بەکارهێناوە، ئەمەش بەبەڵگە سەلمێندراوە، بەڵام راوێژکاری هێزەکانی ئەمریکا ئەو تۆمەتە رەت دەکاتەوەو بە دوور لە راستی دەزانێ.

لیقا ئالیاسین کە ئەندامی لیژنەی تەندروستی و ژینگەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقە جەختی لەوە کردۆتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا جۆرە بۆمبێکیان بەکارهێناوە کە زۆر چالاکەو زووش دەتەقێتەوە، بەوهۆیەوە زۆرترین قوربانی لێکەوتۆتەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پزیشکی دادوەری لەسەر بریندارەکان کردوویەتی، سەلماندوویەتی کە بە چەکی قەدەغەکراو لێیان دراوە. هەروەها بەڵگەی تاوانەکە لەبەردەست دان، بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراق لاگیری لە بانگەشەکەی رەوتی سەدرو رەتکردنەوەکەی سوپای ئەمریکادا نەکردووە، چونکە ماوەیەکە بە فەرمانی سەرۆک وەزیران هێزەکانی عێراقی و ئەمریکی هەڵمەتێکی بەرفراوانیان دژ بە سوپای مەهدی دەست پێکردووە و دەیانەوێ بنبڕیان بکەن.

## لە کەمینێکدا باوکێک و دوو منداڵی دەکوژرێن

شەوی ٢٥/٢٦-٤-٢٠٠٨ لەرێگەی نێوان گوندی قەرەتامۆرو چەمچەماڵ، لە نزیک کارێزەکەی گۆشتقوت دەستدرێژی لە ئۆتۆمۆبیلی ولاتی (کەریم شکور) دەکرێ، لە ئاکامدا خۆی دوو منداڵی دەکوژرێن و منداڵێکی دیکەشی بەسەختی بریندار دەبێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان لە کاتێکدا کە ولاتی کەریم شکور لەگەڵ کورێکی و دوو کچی خۆیدا بەسەیارە بە گوندەکەیان، قەرەتامۆر دەگەڕێنەوە لە کەمینی کەسانی نەناسراو دەکەون، دەستدرێژیان لێدەکرێ، لە ئاکامدا خۆی و کورێکی و کچێکی هەر دەمودەست گیان لەدەست دەدەن، کچێکی دیکەشی بە سەختی بریندار دەبێ، دواتە کە خەڵکی پێدەزانن، بەهاواریانەوە دەچن و بریندارەکە رەوانەی نەخۆشخانە دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە قوربانیەکە خوێنداری خۆی هەبووە، بەڵام ئاشتبوونەتەوەو کێشەکە کۆتایی پێهاتووە، بۆیە گومانی ئەوە ناکرێ کە کۆنە خوێندارەکان ئەم تاوانەیان ئەنجام دابێ، بەڵکو هەندێک پێیانوایە کە ئەمە دەستێکەو دەیانەوێ کێشەکە زیندوو بکەنەوە تا گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان لایەنە سیاسیەکان دروست بێ، چونکە هەر دوو خێزانە خوێندارەکە کە مەسەڵەتیان کردووەو ئاشتبوونەتەوە سەر بە دوو لایەنی جیاوازن.

## دادوەرێک بێ لێپرسینەوە بڕیاری زیندانیکردنی مامۆستایێک دەدات

تایبەت بە رۆژی گەل: لەسەر سکاڵای باوکی فێرخوازێک دادوەری دادگەی چەمچەماڵ بڕیاری دەستگیرکردنی مامۆستایێک دەدات.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژی گەل کەوتوون، رۆژی ٢٢-٤-٢٠٠٨ مامۆستا (عەلی ساڵح محەمەد) کە لە فێرگەی رزگاری شاری چەمچەماڵ مامۆستایە، لە وانەدا باسی کارەساتی ئەنفال بۆ فێرخوازەکانی دەکات، بەڵام یەکێک لە فێرخوازەکان دەنگەدەنگ دەکات و لاساری دەکات و پۆلەکە دەشێوێنێ، دوای ئەوەی مامۆستاکە چەند جارێک بە زار هۆشیاری دەکاتەوە، کەچی فێرخوازەکە درێژە بە لاساریەکانی دەدات، ئەویش دەیەوێ بیترسێنێ، بۆیە دەستی لێ هەڵدێنێتەوە، بەڵام فێرخوازەکە زۆر دەترسێ و بە توندی خۆی دەجولێنێ و دەمی بە مێزەکە دەکەوێ، دانێکی دەشکێ. بەوحاڵەشەوە مامۆستاکە لەگەڵ بەرێوەبەری فێرگەکە دەچنە لای باوکی فێرخوازەکەو داوای بووردنی لێدەکەن، کەچی رۆژی دواتر باوکی ئەو فێرخوازە دەچێ لە بنکەی پۆلیس سکاڵا لەسەر مامۆستاکە تۆمار دەکات، کاتێ کێشەکە دەچێتە بەردەستی دادوەر، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات، یان پرسیار لە فێرگەکەو بەرێوەبەریتی پەروەردە یان یەکێتی مامۆستایان بکات، کەچی یەکسەر بڕیاری دەستگیرکردنی مامۆستاکە دەدات، بەوهۆیەوە مامۆستاکە شەوورۆژێک لە زیندان دەمێنێتەوە، دواتر نوێنەری یەکێتی مامۆستایان و پەروەردە بەدوای دادەچن، گلەیی زۆر لە دادوەر دەکەن، گوشاری لێدەکەن، ئەوسا بڕیاری ئازادکردنی دەدات.

مامۆستا عەلی ساڵح بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە ئەو زۆر سوپاسی یەکێتی مامۆستایان دەکات کە بەدوای کێشەکە داچوون و لە زیندان دەریان هێناوە.




## رۆژەڤ

لە سەدو دەیەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان کە جێژنی رۆژنامەوانی کوردستانیشە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە رۆژنامەوانانی کوردستان و سەرجەم پێنووسە ئازادەکانی جیهان دەکەین، دەخوازین هەر ساڵ بەخۆشی و بەختەوەری یادی ئەو رۆژە مێژووییە بکەینەوە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا ساڵیادی رۆژنامەی کوردستان و جێژنی رۆژنامەوانی کوردی دەکەینەوە کە هێشتا هەڕەشەو مەترسی نانبڕین و راونان و گرتن و سزادان لەسەر پەیڤە بوێرو پێنووسە ئازادەکاندا دێژەی هەیە، هێشتا نەیارانی قەڵەمی ئازادو رامانی ئازاد بە گەردەبین لە پەیڤ و رستەی نووسەرو رۆژنامەوانانی سەربەخۆ دەڕوانن، راشکاوانە دەڵێین کە دەستەڵاتی خۆماڵی کارێکی زۆری بۆ پێشخستنی مێدیاکانی حزبی کردووە کەچی لەرێگەی یاساوە هەوڵ دەدات کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پەیڤی ئازاد توندتر بکرێتەوە. بەوهۆیەوە ئەرک و کاری رۆژنامەوانی سەخت و دژوارتر دەبێتەوە، چونکە لەوەتەی رۆژنامەوانی کوردی لە هەندەران و تاراوگەدا لەدایک بووەو درێژەی بە ژیان داوە، هەمیشە لەژێر گوشارو هەڕەشەکانی دەستەڵاتدارو داگیرکاران دابووە، بەڵام خۆڕاگرو بوێرانە درێژەی بە تێکۆشان داوە. لەسەرەتای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ رۆژنامەوانی بەگوڕو تینێکی زۆرەوە هاتەمەیدان و هەناسەی ئازادی هەڵکێشا، بەڵام بەهۆی شەڕی نێوەخۆو چاوچۆنکی حزبایەتی ئەو ئازادیە بەرتەسک کرایەو، بۆیە ئێستا ئەگەر بەشێکی باشووری کوردستانیش رزگارە، بەڵام خەون و ئاواتەکانی رۆژنامەوانانی ئازاد وەکو پێویست نەهاتوونەتە دی، گرفت و بەربەستەکان لە هەندێ شوێندا وەکو خۆیان ماونەتەوە، تەنانەت لەسایەی دەستەڵاتی کوردیشدا دەیان رۆژنامەوان بەشێوازی جۆراوجۆر هەڕەشەیان لێکراوە، هەندێکیان رفێندراون و لێیاندراوە، هەندێکی دیکە گیراون و دادگەیی کراون، بەوهۆیەشەوە رۆژنامەوانی کوردستانی هێشتا ماویەتی بەهەشتی چاوەڕوان کراوی خۆی بگات.

**رۆژی گەل** لەلایەن راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستانەوە دەردەچێ، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی خۆی مسۆگەرکردووە، دەیەوێ بڵاوکراوەکانی حزبەکانی دیکەش چاوی لێبکەن و ئازادیەکانی خۆیان وەدەست بێننەوە، چونکە حزبی سیاسی ئەگەر بۆ ئازادی کۆمەڵگە تێدەکۆشێ، دەبێ بەرلەهەموو شتێ ئازادی بە ئەندامان و رۆژنامەوانانی خۆی رەوا ببینێ، دەنا پرۆسەی ئازادی رەوتی ئاسایی خۆی وەرناگرێ، لێرەدا راشکاوانە دەڵێین:' ئەگەر سەرکردایەتی حزبەکان لە دەستەمۆکردنی رۆژنامەوانان و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان بەرپرسیار و تۆمەتبار بن، ئەوە خودی ئەو نووسەرو رۆژنامەوانانەش بەرپرسیارن کە بۆ بژێوی رۆژانەیان قەڵەم و هزری خۆیان رادەستی ویست و ئارەزووە نارەواکانی سەرکردایەتی حزبەکان دەکەن.

## فەرمانبەران بەبیانۆی گەورەیی تەمەن بێکار دەکرێن

بەگوێرەی زانیاریەکان مانگی سێپتێمبەری ساڵی رابردوو حکومەتی هەرێم بڕیاری دا کە لەدایک بووانی ساڵەکانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ خانەنشین بکرێن، بەوهۆیەوە دوازدە فەرمانبەری بەرێوەبەریتی پەروەردە لە سنووری دەڤەری راپەڕین بێکارکران و رەوانەی ماڵەوە کرانەوە، ئەوان لەسەر بەڵێنی خانەنشین کردن دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرتبوو، کەچی ماوەی یازدە مانگە هیچ مووچەیەکیان پێنەدراوە.

بەگوێرەی ئەو زانیاریەی دەست رۆژی گەل کەوتووە، ئەو فەرمانبەرە بێکارکراونە لە چارەنووسی خۆیان پێچاوەتەوەو سۆراخی مووچەیان کردووە، کەچی لە بەرێوەبەریتی پێیانگوتراوە ئێوە کارناکەن چۆن داوای مووچە دەکەن؟! ئەم وەڵامەش فەرمانبەرەکانی نیگەران و بێزار کردووە، گلەیی لە حکومەتی هەرێم دەکەن و بەکەم بەڵێنی دادەنێن و پێیانوایە کە فێڵیان لێکراوە، لەو تەمەنەدا بێ مووچە و بژێو ماونەتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com